موقتەدا سەدە ڕێبەری ڕووتی سەدە داوایەک ئاڕاستەی چوار وڵاتی عەرەبی دەکات

ڕێبەری ڕەوتی سەدر داوا لە وڵاتانی دراوسێی فەڵەستین دەکات، ڕێگە بە سەدریيەکان بدەن، بە شێوەیەکی ئاشتیيانە هاوکاری مرۆیی بگەیینە دانیشتووانی غەززە.

لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس (تویتەری پێشوو)، موقتەدا سەدر ڕێبەری ڕەوتی سەدر ئەمڕۆ (هەینی 3ـی تشرینی دووەمی 2023) نووسیوویەتی: داوا لە هەریەك لە وڵاتانی ئوردن، لوبنان، میسر و سووریای دراوسێی فەڵەستین دەکەم، بەهەماهەنگی ڕێگە بدەن، هاوکاری مرۆیی پێکهاتوو لە خۆراك، ئاو و دەرمان بگەیەننەڵێ دانیشتوانی غەززە.

سەدر هەروەها دەشڵێت، داوا دەکەم ڕێگە بدەن ناڕەزایەتی ملیۆنی لەسەر سنووری فەڵەستین، ئەنجام بدرێت، ئەگەر رازی ببن، ئەمە هەنگاوێکی مێژوویی دەبێت.

دواجار سەدر دەڵێت: "هەموومان لەبەرامبەر ڕووداوەکانی غەززە بەرپرسیارین".